# بێ ماچی تۆ . . . . چیم بەسەر هات. . ؟

جەزا چنگیانی

بەشێوەیەکی وا لەشی، لە پیاوەکە هەڵدەسوو، هەموو دانیشتوانی کافێکە چاوەڕیی دەستپێکردنی شانۆیەکی ڕۆمانسی پڕ ماچ بوون. دوو لەشی جیا، دوو ڕەنگی جیا، دوو تەمەنی جیا، دووڕەگەزی جیا.

پیاوێکی کامڵی سەروو چل ساڵی، قژێکی بژی ئالۆسکاو، چاویلکەیەکی پزیشکی و ڕوویەکی گەنمڕەنگ و سەرو سیمای خوێندەوارێکی بە ئەزموون و کیژۆڵەیەکی بیست ساڵ تەمەنی بالأبەرز و قژدرێژ و چاوکەش. جووتی مەمکی تازە هەڵتۆقیووی ناسك، دوو لیوی تەڕی ماچاوی.

دەبێ چ نهێنیەك ئەم هەموو جیاوازیانەی لە تابلوی حەزیکدا کۆکردبیتەوە ؟؟ پیاوەکە وەك شەرم لە تەمەنی بکات، دەستی خستبوە سەر دەمی حەزەکانی. کەمتر وەلأمی باوەشەحەزاویەکانی کیژۆڵەکەی دەدایەوە. ئەو کیژۆڵەیەکی کلێپەداری پڕ حەز لە ماچ بوو. تا بۆاری بۆ هەڵبکەوتایە زیاتر لێ نزیك دەکەوتەوە. زۆرتر لەشی هەڵدەگلۆڨت و خۆی تێهەڵدەسوو، دەرگای سنگی کراسەکەی والأکردبوو تا هالأوی مەمکۆلەکانی بە دەمی ڕۆحی ئەو ئاشنا بکات. ئەزموونی سێکسی پێاوەکە دەیزانی کە ڕۆح گەرمی داهات. چاو کوێر دەبێت. سنوور دەپسێ. یاسا دەرمێ. سروشت جڵەوەی حەز دەگرێت، نەك مرۆڤ، لەش و تەمەن و ڕەنگە جیاوازەکانی نێوان نێر و مێ، ڕۆڵی نامێنێ. بۆیە دەمی ڕۆحی کلۆم دابوو، تا لە نێو کەفیەکەدا نمایشی شانۆیەکی پڕ ماچ نەکەن. وەلی کیژۆڵە بیست ساڵ تەمەنەکە هەموو لەشی کلێپەی شەهوەت و مژینی لێوە قاوەیەکانی ئەوی لێهەڵدەسا، چاوەگەشەکانی لە بینینی دانیشتوانی کافیەکەدا نابینابوون. لە دونیای سروشتی دەمێك بوو دابڕابوو، ، لەو ساتەوەی بەڕێکەوت پێئاشنابوو، تامی مژینی لێوەقاوەیەکان و پەنجەکانی تینوی بۆنی بێخی قژە ئالوسکاوە ڕەشە قەترانیەکەی ببوون، تا چرکەی کاتژمێری دەستی کیژەکە تەسکی کاتەکەی ڕانەگەیاند. ئەم شانۆوە ڕۆمانسیە بێ ماچە درێژەی کێشا، کیژەکە هەستایە سەرپێ، خۆی ئامادەی ڕۆشتن کرد. وەك گلەی لێبکات. بڵێ بۆ وەلأمی ڕۆحمت نەدایەوە، ماچت نەکردم. چاوەکانی کردە ڕستەیەك گلەیی و ئاراستەی چاوی پێاوە قەیرەکەی کرد. لە تەنیشتیەوە وەستا و هەناسەیەکی بێ هیوای هەڵکیشاو ووتی ؟

ئیتر کاتم بۆت نەماوە. . . دەبێ بڕۆم بۆ کار، قژی کەمێك ڕێکخست و بلوسەکەی بۆ خوارەوە ڕاکیشاو.

مەمکەکانی قنج بوونەوە، وەك گەرەکی بێت تینویتی پەنجەکانی بشکێنی بەوەستانەوە دەستێکی خستە نێو قژە ڕەشە ئالۆسکاوەکەی پیاوەکەوە و ووتی :

کەی دەتبینمەوە ؟؟؟؟

تەنیا ئیمڕۆ هەناسەی شارەکەت هەڵدەمژم. . . . مانگێکی تر دێمەوە.

کیژەکە هەناسەیەکی بۆ هیوای ماچەکانی هەڵکیشا و ماڵئاوی لە پیاوەکەو کافێکە کرد، تەنیا کەوت.

پیاوەکە بەشەرمەوە دەیڕوانیە چاوە پڕ گلەیەکانی ناو کافێکە و وەك بە دوای هۆی ترسنۆکی خۆی لە نێو تاسە کافیە ساردەکەیدا بگەڕێ. یاری بە کەوچکی ناو تاسەکەی بەردەمی دەکرد. خانەکانی لەشی لەرزووتای پەشیمانی گرتبووی، بۆئەوەی خۆی لەو لەرزووتایە قوتاربکات و میژووی پرشەرمی ڕۆژێکی بێ ماچی بنوسێتەوە، پارچە کاغەز و پێنوسێکی لە چانتاکەی دەرهانی نووسی:

کە تۆ ڕۆیشتی، من و نێو تاسە کافی ساردوسڕ تەنیاکەوتین. ڕۆژەکەم وەك (CD) سێدیەکی بێ گۆرانی و مۆسیقا بوو، وەك پەرتووکێکی بێ ووشە، دارێکی بێ گەڵا. شەوێکی بێ گلۆپ، ڕووبارێکی بێ ئاو، مرۆڤێکی بێ جوڵە، زستانێکی بێ ڨۆدگا، هاوینێکی بێ هەتاو، بەهارێکی بێ باران، پایزێکی بێ کزە، شارێکی چۆڵ و خاپور، ئاسمانێکی بێ ئەستێرە، منداڵێکی بێ شیر و برسی، بێوەژنێکی تەڕی بێ سێکس. گوڵێکی هەڵوەریوو، ماسیەکی بێ ئاو، شاعیرێکی بێ دیوان، ژووانێکی ووشکی بێ گیان. یانی تۆ ژیان بووی، ئۆکسجین، ڤیتامینات، ووزە و حەز و توانای جوڵە و جوانی گشت بوونەجوانەکانی دنیا بوویت، کە تۆ ڕوویشتی و ماچمان نەکرد، هەموو دانیشتوانی کافیەکە، وورمان، منیش تاسام. کە تۆ ڕوویشتی دەنگی گۆرانیە ڕۆمانسیەکەی

کەفێکەش کپ بوو، ئاخر بۆچی ڕۆیشتی کە سەرتاپای لەشت هەڵاوی ماچ و حەز و لەپی دەستەکانی نێو دەستم. بۆنی شەهوەتی ژەمی سیکسی هەردووکمانی لێدەهات ؟؟. بۆ ڕۆیشتی تۆ پشکویەکی سپی شەهوەتی ئاڵۆسکاوی قژدریژ و باڵا بڵندی نێو حەزمان بووی، ؟؟ بەشی چەندەها ملوانکە ووردە گەوهەری ماچت لە سەر لێوەکانت ڕستبوو، ئەم تاوانەت بۆ لە خۆت وچش لە من لە سەرجەم دانیشتوانی کافێکە کرد ؟، دانیشتنەکەمان شانۆگەریەکی بێ ووشە و ڕستە ودیالۆگ و دەرهێنەر بوو، دیکۆرەکەمان کورسی ومیزێك و دوو تاس کاڤ بوو، مۆسیقا ڕۆمانسیەکەی کافێکەش مۆسیقای وێنەی بزواندنی جەستە و ڕۆحمان بوو. کە تۆ ڕۆیشتی، من و نێو تاسە کاڤ ساردت بەتەنیا جێهێشت چاوی ڕۆحە تینوەکانی کافێکە ڕوویان لە من وەرگێڕا، بەدەستیان بووایە لە کافێکە توڕیان دەدام. دەزانم بوونی من بە لەش و قژ و مەمك و باڵا و بەزمی ڕۆحی تۆوە جوان بوو. ئاخر هەموویان چاوەڕی دیمەنی بەستنی قردیلەی ماچەکانی ئێمەیان دەکرد، ئەی عەیاری پڕ دەم لە ماچ. ماچەکانت لە دوای تۆوە گلەیان لە من و ڕەخنەیان لە ڕۆحم دەکرد. دەزانی بۆ؟؟ چونکە ئیمڕۆ دەقی ترسم نەشکا، ترسم لە حەزم باڵاتر بوو، ترس لە کاملی تەمەنی خۆم و ناسکی لیوکانی تۆ. ترسم هەبوو ئەرشیفی لێوە پڕ ماچەکانی من و لێوە ساواماچیەکانی تۆ لەیەك زویر ببن. ڕوحم زۆر جار پێ ووتم ئەو ساتانەی دەستەکانت لە نیو دەستما ئارەقی شەهوەتیان دەردەدا. . . . زۆر لە مێژ بوو، گۆمەزە ناسکە گەنەمودارەکەی بەرمووسەلانت، پێش لەپیی دەستەکانت کانیاوی تەڕی حەزیان تەقیبوو. پێش ڕۆیشتی تۆ بێوەژنە بێ یارەکانی کافێکە، کوڕ و کچە تەنیاکان، پیرەمیرد و پیریژنە ئەرشیفیەکان، بە دڵ بە ڕۆح بە چاو. . . چاویان بڕیبووە مێز و کورسی و لێوی من تۆ. کەسەرت لە سەر شانم دانا بوو. دەستێکت لە ملما بوو. دەستێکت خستبوە سەرسنگم وەك پزیشکی عەشق ترپەی دڵمت دەپێوا. کە ترپەی دڵمت زانی کەمیك تەنورەکەت هەڵکیشا. بە دەستی خۆت، دەستتگرتم وخزانتە سەر شلکەی ڕانەکانت.

بۆ ؟ بۆئەوەی منیش گەرمی گوومەزەکەی بەرمووسەڵانت بپێووم. پەنجەکانم تێر بۆنی ئارەقی هەردوو شلکەی ڕانەکانتیان مژی وشەرمیان شکا، وەلێ ڕۆحم مۆلەق و ترسم هەر لە ماچ هەبوو.

تۆ مستێ. . . . نا تۆپەڵێ شەهوەتی ئاگر ئاسای بوویت، بە گەرمای لەپی دەست و نەرمای ڕانەکانتا زانیم پلەی گەرمای ڕۆح و هەڵاوی چاڵاوی بەرمووسەلانت چەند گەرمە، هەتا پەنجەکانت قومی ماچیان قوڵتر لە بێخی قژە ئاڵۆسکاوەکەم بدایە، هاڵاوی بەرمووسەلانت گەرمتر دەبوو، ئەو ساتانەی تۆ قوڵپی کانیاوێکی گەرمی لوتکەی بوورکانێکی حەزی سیکس و ماچ بووی. منیش جۆگەیەکی سارد و سڕ و سست و ترسنۆکی زستانی رووسیا و بە ئاستەم بە بەر هاڵاوی گەرمی گوومەزە مووداڕەکەی بەرمووسەلانی تۆدا تێدەپەڕیم. تۆ هەر چاوەڕی ماچت دەکرد. من نەمدەکرد.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی ، کوردستان نێت بەرپرسیار نییە لە ناوەڕوکەکەی .